# حوكمی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان ئافرەت و پیاودا و
# حوكمی بینینی ئافرەت لەكاتی خوازبێنیدا

[ بە كوردی ]

حكم العلاقات العاطفيه قبل الزواج وحكم رؤية المخطوبة
[ باللغة الكوردية ]


فەتوای: زانای پایە بەرز شێخ عبدالعزیز بن باز و شێخ محمد صالح العثیمین
ڕەحمەتی خوایان لێ بێت

المفتي :سماحة الشيخ عبد العزيز بن باز والشيخ محمد صالح العثيمين
رحمهما الله تعالى

وەرگێڕانی: مامۆستا كەمال مەلا مەحەمەد بۆسكینی

الترجمة: كمال ملا محمد بوسكيني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی
ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

## حوكمی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان ئافرەت و پیاودا و حوكمی بینینی ئافرەت لەكاتی خوازبێنیدا

پرسیار: ئایا بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان ئافرەت و پیاودا دروستەپێش هاوسەرگیری؟

وەڵام: پێش بەستنی عەقدی زەواج دروست نیەپەیوەندی بەستن لەنێوان ئافرەت و پیاودا، وەدروست نیەلەزەت وەرگرتن لەئافرەتی نا مەحرەم چ بەتەماشا كردن بێ یان بەچێژ وەرگرتن لەدەنگی یان بەكۆبوونەوەلەگەڵیدا بەتەنیا، هەر وەك لەپێغەمبەرەوەصلى الله علیه وسلم هاتوە: (( لا یخلون رجل بامرأة إلا مع ذي محرم ولا تسافر امرأة إلا مع ذي محرم ولا تسافر)).

واتا با هیچ پیاوێك بەتەنیا كۆ نەبێتەوەلەگەڵ هیچ ئافرەتیكی نا مەحرەم، وەهیچ ئافرەتێك نەچێت بۆ سەفەر بەبێ مەحرەم.

بەڵام دوای بەستنی عەقدی زەواج و پێش گواستنەوە خۆشەویستی تەماشا كردن و چێژ وەرگرتن لەدەنگی یان كۆبوونەوەلەگەڵیدا بەتەنیا دروستە، لەگەڵ ڕەچاو كردنی داب و نەریتی خەڵكی و پاراستنی حەیاو حیشمەت.

وەهەروەها دروستەقسەكردن بەئەندازەی پێویستی لەگەڵ دەست گیراندا چ بەتەلەفۆن بێت یان بەڕاستەوخۆ بەڵام بەحزوری مەحرەم .

بەڵام ئەوەی لەو زەمانەدا ڕووو دەدات لەقسەو گفتو گۆ کردنی نێوان کوڕان و کچان دا بەناوی یەکتر ناسین و بیرو ڕا گۆڕینەوە پێش خواز بێنی دروست نیەو بەزۆری سەر دەکێشێت بۆ فیتنەو خەراپەکاری.

وەخوای گەورە فەرموویەتی: (ولا تخضعن بالقول فيطمع الذي في قلبه مرض وقلن قولا معروفاً).

بۆیەپێوستەئافرەتی مسوڵمان قسەلەگەڵ پیاوی نامەحڕەم نەکات تەنها بۆ پێویستی نەبێت، وەهەرکاتێ قسەشی لەگەڵ پیاوی نامەحڕەمدا کرد بەشێوەیەك نەبێت کەببێتەهۆی سەرنج ڕاکێشان و سەر نەکێشێت بۆ فیتنە.

پرسیار: ئایا حوکمی بینینی ئافرەت لەکاتی خوازبێنیدا دروستە؟

وەڵام: حوکمی بینینی دەستگیران(مخطوبة) لەکاتی خوازبێنیدا

شەرع بڕیاری داوەکەبەپێی توانا دەستگیران ببینرێت پێش مارەبڕین وەك پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (( إذا خطب أحدكم المرأة فإن استطاع أن ينظر منها إلى ما يدعوه إلى نكاحها فليفعل فإن ذلك أحرى إلى أن يؤدم بينهما)).

واتا ئەگەر یەکێك لەئێوەویستی ئافرەتێك بخوازێ ئەگەر توانی ئەوەندەلەو ئافرەتەببینێ کەهانی دەدات بیکا بەهاوسەری حۆی با بیبینێت چونکەئەوەدەبێتەمایەی بەردەوام بوونی پەیوەنی و خۆشەویستیان.

ئەم فەرموودەیەئیمامي أحمد و ئەبو داود بەئیسنادێکی باشەوەلەجابرەوە- خوا لێی ڕازی بێت-گێڕاویانەتەوە، وەحاکم بەڕاستی داناوە.

وەئیمامي أحمد و ترمزی و نەسائی ئیبن و ماجەلەموغیرەی کوڕی شوعبەوەخوا لێی ڕازی بێت-گێڕاویانەتەوەکەموغیرە - ئافرەتێکی خواستوە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی فەرمووە: (( انظر إليها فإنه أحرى إلى أن يؤدم بينكما)).

واتا تەماشاي بکە چونکەئەوەباشترەبۆ بەردەوام بوونی خۆشەویستیتان، وەئیمامي موسلیم لە صەحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوەکە پیاوێك لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم باسی کردوە کە ئافرەتێکی خواستوە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی فەرمووە: (( أنظرت إليها؟ قال: لا، قال: اذهب فانظر إليها )).

واتا تەماشات کرد؟ گوتی: نا، فەرمووی: دەڕۆ سەیری بکە.

بێگومان ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەڕوونی پیشانی دەدەن کەشەرع ڕێگای داوەبەبینینی ئافرەت پێش مارەبڕینی کارێکی باشەو وەشەرع هانی داخوازی کەر - خاطب- دەدات کەپێش مارەبڕین -مخطوبة-داخوازی کراو ببینێت.

وەبینینی دەستگیران پێش مارەبڕین دەبێتەهۆی بەردەوام بوونی خۆشەویستی و پتەو بونی پەیوەندی ژن و مێردایەتی و لەمەودوا.

وەبەپێچەوانەوە نەبینینی دەستگیران- لەکاتی داخوازی کردن- پێش مارەبڕین دوور نیەببێتەهۆی تەڵاق بەتایبەت کاتێ بۆ پیاوەکەڕوون دەبێتەوەکەئەو ئافرەتەبەو شێوەیەنیەکەبۆی وەسف کراوە، یان بۆ ئافرەتەکەڕوون دەبێتەوەکەئەو پیاوەبەو شێوەیەنیەکەبۆی وەسف کراوە .

وەڵامدانەوە: شێخ عبدالعزیز بن عبد اللە بن باز، وەشێخ محمد صالح العثیمین.

سەرچاوە: فتاوى المرأة المسلمة **:** لاپەڕە٦٠٠ـ ٦٠٥

وصلى الله وسلم على نبینا وحبیبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعین